مەسعود بارزانی لەگەڵ شاندی ئیمراتی کەبوویەوە و پێشوازی لە پرسی ئاشتی تورکیا دەکات

مەسعود بارزانی لەگەڵ شاندی ئیمراتی کەبوویەوە.

بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە 16ـی شوباتی 2025، لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە شاندی ئیمراتی بە سەرکایەتیی پەروین بولدان و سری سوریا ئوندەر کرد.

لە دیدارەکەدا شاندی میوان بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ بارودۆخی سیاسی و پرسی ئاشتی لە تورکیا و وردەکاری و ئەنجامی دیدارەکانیان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە مەسعود بارزانی خستەڕوو، هەروەها شاندی ئیمراتی لەو دیدارەدا ناوەڕۆکی پەیامی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ـیشیان بە مەسعود بارزانی گەیاند.

بەگوێرەی هاگەیاندراوەکی مەکتەبی هاگەیاندنی سەرۆکی پارتی، هەر لەو دیدارەدا مەسعود بارزانی وەڵامی بەخێرهێنانی شاندی میوان، جەختی لە بایەخی پرسی ئاشتی وەک تاکە ڕێگەی دروست بە گەیشتن بە چارەسەری کردەوە و بە پۆیستیشی زانی کە هەموو لایەك هەوڵی خۆیان لەوەدا چڕ بکەنەوە کە پرسی ئاشتی بگاتە ئەنجام، "بارزانی ئامادەیی تەواوی خۆشی بە یارمەتیدان و پشتیوانیی پرسی ئاشتی لە تورکیا و سەرگرتنی هاگەیاند".

شەوی دوێنێ شەممە، پارێزگاری هەولێر و هاوژکاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم پێشوازیان لە شاندی

ئیمرالی بەسەرکایەتی پەروین بوەدان کرد

زیاتر...

پەشتر، پارتی یەکسانی و دیموکراتی گەلان (دەم پارتی) لە راگەیەنراوەکدا ڕایگەیاندبوو، شاندی ئیمرالی کە لە هەریەک لە سەری سوریا ئەندەرو، ئەحمەد تورک و پەروین بوەدان پێکهاتوون سەردانی هەرەمی کوردستان و سلەمانی و هەولێر دەکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژە بەوەشکراوە، شاندەکە بەیارە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو (16ـی شوباتی 2025)، بگەنە هەولێر و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرەمی کوردستان کەببنەوە، پاشان هەر لەو سەردانەدا دەچنە شاری سلەمانی و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو شارەشدا کەببنەوە.

پەسەی ئاشتی تورکیا...

پرەسەی چارەسەری پرسی کورد لەسەر داوای دەوەت باخچەلی سەرکی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا (مەهەپە) دەستپێکردەوە دوای ئەوەی داوای لە عەبدولڵا ئۆجەلان سەرکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کرد هەوەشاندنەوەی پارتەکە رابگەیەنێت، بەمەبەستی دانوستانیش شاندێکی دەمپارتی سەردانیان کرد لە زیندانی ئیمرالی بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەو وڵاتەو گەیاندنی پێیامەکانی بە دەسەڵاتدارانی تورکیا.

ئەمەش هاوکاتە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو 2024، ڕۆژنامەی "ئەل-مەنیتەر"ی ئەمریکی لە زاری سەرپرسی دەسیەی کورد لەناو حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند، "بە دەستپێکردنی پەسەی ئاشتی لەنێوان ئەنقەرە و عەبدولڵا ئۆجەلان دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، هەنگاوی کردەویی بە وتوێژ دەستیپێکردوە".

لە هەواڵی ئەلمەنیتەر کە پشبەستە بە بەرپرسانی حکومەتی تورکیا، ڕەگە بە عەبدولڵا ئۆجەلان دراوە وتوێژ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پەکەکە لە قەندیل بکات و هەر بەپێی هەواڵەکەی، "ئۆجەلان بە بەرپرسە باڵاکانی پەکەکە ڕاگەیاندون، کاتی ئەوە هاتوە دەربارەی دانانی چێک قسەبکەین".

شایەنی ئاماژەپێدانە، لە سەرتایی مانگی تشرینی یەکەمی 2024، دەخێکی نوێی سیاسی لە تورکیا هاتووتە ئاراوە، ئەوەش دوای ئەوە هات یەکی مانگی تشرینی دووەم و لە ڕۆرەسمی دەستپێکردنی ساڵی نوێی یاسادانان لە پەرلەمانی تورکیا، دەوەت باخچەلی، سەرکی پارتی مەهەپەی ڕەگەزپەرستی تورکیا چووە لای تونجەر باکرهان، هاوسەرکی دەم پارتی کوردی (هەدەپە) و پەرلەمانتارانی ئەو پارتە و تەوقەی لەگەڵ کردن و هەواڵی پرسین.

ئەو تەوقەیە باخچەلی لەگەڵ پەرلەمانتارانی دەم پارتی، مشتومەکی گەورەی لە میدیا ناوخەیەکانی تورکیا درووستکرد، هەر بەوپێیە باخچەلی ڕایگەیاند: "لە سیاسەتدا هیچ شتێک نییە کە نەتوانین لەگەڵ

کەس و لایەنێک گفتوگۆی لەسەر نەکەین و چارەسەری نەکەین، پەیوەندی سیاسییمان، شەوازی ڕەق یان نەرممان پەیوەست نییە بە کەسایەتی یەک بە یەکی تاکەکان، بەڵکو سنووردارە بە بیرکە و تواناکانی بیرکردنەوەیانەوە".

سەرکی پارتی مەهەپەی تورکی ڕەگەزپەرست ئاماژەی بەوەکرد کە وەک ئاشتی سەردانی ڕیزی دەم پارتی باکووری کوردستان کرد و دەستی بە تەوقەکردن لەگەڵیاندا درێژ کرد. گوتیشی: "ئەو دەستەی بە تەوقەکردن درێژم کرد، پەیامی یەکیزیی نەتەوەیی و برایەتیمانە، چرای ڕووناکییە کە وەک مەشخەڵی یەکەم پەرلەمان و گوتارە بەهێزەکەی بەڕێز سەرکەمارمان دەدرەوشێتەوە، هیوا و داواکاریە کە دەڵێت وەرن ببنە پارتی تورکیا، ڕووبەڕووی تیرەر ببنەوە، وەرن برایەتی هەزار ساڵە بچەسپێنن، ئەمە لە خەوە بە بەهایانە، بەبەزاری و لە پەو بە بیرکردنەوە دەست بە تەوقە کردن درێژ ناکەین ئەمە بەبە هەکار سەاو و تەوقە ناکەین".

لەئەستاشدا شاندەکی پارتی دیموکراتی گەلان - دەم پارتی سەردانی هەولێر و سلێمانی دەکەن و لەگەڵ بەرپرسانی هەرەمی کوردستان کەدەبنەوە، لەمیانەی پەیامی ئاشتی کە بەیارە تورکیا لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە و لایەنە کوردیەکان بیکات، هەمان شاندەکە نوێندگیری نەوان حکومەت و دەسەاتدارانی تورکیا لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن بە گەیشتن بە چارەسەرکی ڕیشەیی بە پەیامی ئاشتی کورد و پەکەکە لەگەڵ تورکیا.